# کارەساتی ئەنفال و ئەگەری ئاستی بەجیهانیکردنی

**شاخەوان شۆڕش**

2006.10.06

دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق، دادگایەکە گۆڕانکاریەکانی دوای ڕووخانی ئێراق لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی و دەکەوێتە چوارچێوەی پرۆگرامی ڕامیاری دروستکردنەوەی ئێراق، ئاشکرایە ئەندازیاری سەرەکی پرۆگرامی دروستکردنەوەکە ئەمەریکایە. پرۆگرامەکەی ئەمەریکا بەشێوەیەکی جودا لە تێگەیشتنی کوردان بۆ کێشەکان دەڕوانێ، بۆیە دادگاکە ئەوە نییە کە شایانی گەلێکی زۆرلێکراو و گەلکوژکراوی وەکو کورد بێ.
لەم وتارەدا هەوڵ دەدرێت، سەرنج بدەینە ئەگەری باشتر بەجیهانیکردنی کارەساتەکانی پاکتاو و ژینۆسایدی گەلی کورد لە ڕوانگەی ڕاگەیاندنەوە.

هێشتنەوەی دادگاکە لەچوارچێوەی ئێراقدا، بەمجۆرە کارەساتەکانی گەلی کورد لەم چوارچێوەیەدا، ئاستی ناساندنی کارەساتی پاکتاو و گەلکوژی کە بەسەر گەلی کورد هاتوون، تەسک کردۆتەوە و بواری ناسینی کارەساتی بۆنمونە گەلکوژی ئەنفال لەئاستێکی جیهانیدا زۆر لاوازتر و کەمترە لە پێویست. گوتنی ئەوە بە شێوەیەکی دی، کارەساتی گەلکوژی ئەنفال کە یەکێ لە کارەساتە زۆر گەورەکانی سەدەی بیستەمە، هەروەها جۆری ڕوودانەکەی تایبەتمەندی خۆی هەیە و تراژیدیایەکی گەورەی مرۆڤایەتییە، لەئاستێکی ناوخۆیی و ئێراقیدا و لەو دادگایەی کە هەیە ناخوازرێ یا ناتوانرێ ئەو بوارەی بدرێتێ، کە بتوانێ کارەساتەکە لە ئاستێکی جیهانیدا بە کۆمەڵگەی جیهانی گونجاوانە بناسێنێت.
دیارە گومان لەوەدا هەیە کە مەبەستی ئەو دادگایە ئاشکراکردنی ڕاستیەکان لە ئاستێکی جیهانیدا بێت. ئەو دادگایە وەکو گوترا بەشێکە لە پرۆگرامێکی ڕامیاری چیتر نا، هەر بۆنمونە، وەزیری بەرگری ئەمەریکا دۆناڵد ڕۆمسفێلد لە 3ی ئۆکتۆبەر لە لێدوانێکیدا گوتبووی، "پێویستە دادگاکە کۆتایی پێبهێندرێت، لەسەر ئەو تاوانانەی تا ئێستا باسکراون پێویستە سەدام و تاوانبارانی تر سزا بدرێن". ئەوەش ئاماژە بەوە دەکات، کە سزادانی هەندێ سەرکردەی بەعس لێرەدا مەبەستە و ئەرکی ئەمەریکاش هەر ئەوەیە، بەوشێوەیە ڕوونکردنەوە و ئاشکرکردنی ڕاستی و فاکتەری کارەساتەکان لای ئەو گرنگیەکی ئەوتۆیان لەڕاستیدا نییە.
دیارە مەبەست لەو وتارە ئەوەیە چی بۆ گەلی کورد و کارەساتەکانی ڕەوان و چی پێویستە لەو بارەی ئێستادا بۆ بەجیهانیکردنی بکرێت. لێرەدا تەنها ئاماژە بە خاڵێک یا لایەنێکی پێداویستیەکە دەکەین ئەویش لایەنی ڕاگەیاندنە لە ڕێگای تەلەڤزیۆنی ئاسمانییەوە. با کۆنکریتیانەتر بڕوانینە کێشەکە، دادگاکە پەخشەکەی ڕاستەوخۆ نییە، بچران و برانی تێدایە، دوانەکانی ناو دادگا عارەبییە و دادگا بە زمانی عارەبی بەڕێوە دەچێت، لە کەناڵە جیهانیەکان و بە زمانەکانی جیا لە عارەبی بڵاوناکرێتەوە. ڕووداوەکان لە کەناڵە جیهانییە ناسراوەکاندا یا هەر بڵاوناکرێنەوە، یان ئەوەی بڵاودەکرێتەوە زۆر کەمن و تەنها چەند ڕستەیەکی سەرنجراکێش کە گوزارشت لە درامایەکی ناو دادگا دەکات بەکورتی بڵاودەکرێنەوە. بۆنمونە ئەوە بڵاودەکرێتەوە کە سەدام هەڕەشە لە کورد دەکات و دەڵێت "سەرتان پان دەکەینەوە"، کەناڵە جیهانیە ناسراوەکان بەدوای گوتنێکی ئەوهادا دەگەڕێن، ئەوە لە بازاڕی میدیای ئەواندا هەرمێنی هەیە و باش دەفرۆشرێت، دیارە ئەوەش گوزارشت لە ئازاری لەبنەهاتووی قوربانیانی کارەساتی ئەنفال ناکات. کاتێ پیرەژنەکی یا پیرەمێردەکی گرفتاری بێکەسی خاوەن کۆمەڵێ قوربانی، بە زمانێکی سادە بەڵام جەرگبڕ دێت و گوزارشتی کارەسات و ئازارەکانی دەکات، لەگەڵ ئەوەی وشە و ڕستەکانی هەمووی گوزارشتی وردی تراژیدیای کەسێکی لەمەرگ دەربازبووە، لەگەڵ ئەوەی گێڕانەوەکە ناساندنی گەلکوژی ئەنفالە لە دیدێکی تایبەتەوە، لەگەڵ ئەوەی چیرۆکەکەی بەرد دەتاوێننەوە، بەڵام هیچ کەناڵیکی جیهانی نایەوێ بچێتە ناو قوڵایی ئازارەکانی ئەو قوربانییە، وشەکانی ئەو تەنها زۆر کەمیان نەبێت، بەکاری ئەوان نایەن.

بەکورتی ئەو کەسانەی کە لە گوزارشتی قوربانیان دەگەن، ئەوانەن دەبێ زمانی عارەبی "زمانی ئەنفال" بزانن، ئەوانەش کێن، بەشێکی کەمی خەڵکی کوردستان و هەروەها عارەبەکان ئەوانەی ئارەزووی بیستنی ئەو کارەساتە

**دەکەن، کە بەئەگەری زۆر کەمن. خەڵکی جیهانی دەرەوە بەدەگمەن نەبێ ئاگاداری ڕاستەوخۆی ڕووداوەکانی ناو دادگا نین.**
**جێگای بیرخستنەوەیە زۆر لە نوسەرانی کوردستانی سەر بە ڕوانگەی جیاواز، بەتایبەتی عارەبدۆستەکان و ئەوانەی لەژێرکاریگەری تێگەیشتن و کەلتوری نەتەوەی سەردەستی عارەبیدا بوون، لە سەدەی ڕابردووەوە تا ئەمڕۆ پێیانوابووە، پێویستە بە زمانی عارەبی لەسەر گەلی کورد و دۆزەکەی بنوسرێت، بەمجۆرە بەڵکو گەلی عارەب لە کارەسات و کێشەی گەلی کورد بگەن، تاوەکو بتوانن تێگەیشتنێک لەگەڵ دۆزی کورد پەیدا بکەن. وەکو بینیمان ئەو هەوڵە سوودی سنورداری هەبوو و کاریگەریەکی ئەوتۆی لەسەر هەڵوێستی عارەبان بەو شێوەیە نەکردووە، بەبەڵگەی ئەوەی نکۆڵیکردنەکان بەبەرفراوانی هەنوکەش هەن و بەردەوامن. ئەو دادگا عارەبییە و پەخشی عارەبی ئەو داداگایەش واپێدەچێت هەمان چارەنووسی بەرکەوێت.**
**خەڵکی کوردستان ئەوانەی عارەبی دەزانن، لەو دادگایە دەگەن و ئەوەش بێگومان تێگەیشتنیان بۆ کارەساتی ئەنفال دەوڵەمەنتر دەکات. دیارە خەڵکی کوردستان کەم یا زۆر دەزانن چیان پێکراوە و بەسەر هاتووە، گرنگ بۆ گەلی کورد ئەوە بوو، جیهان لە ئاستی ستات و گەلانیدا لە کارەساتەکانی گەلی کورد بگەن. گەلی کورد هەمیشە لە بەجیهانیکردنی کێشەکەی کۆسپی هاتۆتە پێش، یان خۆی لەئاستی پێویستدا نەبووە، یانژی نەیتوانیووە یا نەیزانیووە سوود لە دەرفەتەکان وەربگرێت. ئەو جارەش لەو دادگایەدا ئەگەری ناساندنی کارەساتی گەورەترین گەلکوژی لە مێژووی گەلی کوردا سنوردار کراوە.**
**دیارە ئەگەر داداگایەکە نێونەتەوەیی بایە، دادگاکە قورساییەکی نێونەتەوەیی دەبوو، بەزمانی ئینگلیزی یا زمانی دیکە ڕووداوەکانی ناو دادگا لە ئاستێکی جیهانیدا بڵاودەکرانەوە، ئەوسا تاڕادەیەکی گونجاو بواری بەجیهانیکردنی کارەساتی ئەنفال و کارەساتەکانی دیکە بۆ گەلی کورد دەڕەخسا، بەمجۆرە دەکرا زۆر بەرفراوانتر گەلانی جیهان لە کارەسات و ئازارەکانی گەلی کورد بگەن، بەمجۆرە کارەساتی ئەنفال بکرێتە تراژیدیایەکی گەورەی مرۆڤایەتی لە شێوەی هۆلۆکۆست یا گەلکوژی ڕواندا یا ئەرمەنیەکان.**
**بەکورتی ناساندنی کارەساتی پاکتاو و گەلکوژی گەلی کورد لە ئاستێکی جیهانیدا و هەروەها سوودلێورگرتنی لەو ڕێگایەوە بۆ بەدیهێنانی خەونی سەربەخۆیی گەلی کوردستان لەو لایەنە زیانی پێگەیشتووە. وەکو ڕەوتی دادگاکە و هەڵسوکەوتی ئەمەریکاییەکان دەریدەخەن، ئەوان مەبەستی دیکەیان هەیە، بەمجۆرە گوێ نادرێتە ئەوەی چی بۆ گەلی کورد ڕەوایە یا چۆن دەکرێ ئەو گەلکوژییە بۆ ئازادی یەکجاریی گەلی کوردستان سوود ببەخشێت.**

**دەکرێ بیر لەوە بکرێتەوە، چۆن دەکرێ ڕێگایەکی ئەلتەرناتیڤ بۆ بەجیهانیکردنی گەلکوژی ئەنفال و کارەساتەکانی دیکە بدۆزرێتەوە، یا ئایا بۆ ئەم مەبەستە دەکرێ چی بکرێت؟ دەکرێ گواستنەوەی ڕووداوەکانی ناو دادگا لەڕێگای کەناڵیکی زیندووی ئاسمانییەوە بە زمانی ئینگلیزی بەتایبەتی و زمانی دیکەی ناسراوی جیهانی بەگشتی وەکو کارێکی گرنگ دابندرێت. بەشێوەیەک ئەو کەناڵە بێ دواکەوتن ڕووداوەکانی ناو دادگا بە بەردەوامی بگەیەنێ، چاوپێکەوتن لەسەر گێڕانەوەکان، دیبات لەسەریان، شارەزای جیهانی بهێنێتە ناو دیبات، وێکچواندنی ڕۆژانە بە کارەساتی بۆنمونە هۆلۆکۆست یا گەلکوژی دیکە بکات هتد. هەروەها دەکرێ کۆنتراکت لەگەڵ یەکێ لە کەناڵە جیهانییە ناسراوەکان لەمبارەیەوە بکرێت و ڕۆژانە بەگەرمی لەسەر دادگاکە بوەستێت و دیبات ساز بکات. دەکرێ لەم ڕێگایەوە کارەساتی گەلکوژی ئەنفال سنورە ناوخۆییەکەی زۆر باشتر بشکێنێ و بەرفراوانتر لەوەی کە هەیە بەجیهان بگات.**

**دیارە دەسەڵاتی کوردی توانای دارایی هەیە و ئەو سەرچاوانەی لەبەر دەستە کە لەمبارەیەوە پێوستن، هەروەها ناساندنی بەرفراوانی ئەو کارەساتە بۆ گەلی کورد زۆر گرنگە و وابزانم گومان لەوەدا نییە، بەڵام تا ئێستا هیچ هەنگاوێک لەو بارەیەوە نەندراوە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا دەسەڵاتدارانی کورد ئەوها لە پرسەکە دەڕوانن، ئایا ئەوان بەجیهانیکردنی کارەساتەکانی گەلی کورد چەند بە پێویست دەزانن، یان ئایا ئەوان دەیانەوێ کار بۆ ئەگەرێکی ئەوها بکەن؟ دەکرێ ئەوەی ئێستا هەیە، لای ئەوان بەجیهانیکردنێکی گونجاو بێت، بۆیە ئەوان چیتر بە پێویست نەزانن. بەڵام لەڕاستیدا کارەساتی گەلکوژی ئەنفال مافی خۆی نەدراوەتێ، جگەلەوەی بچوککراوەتەوە بەڵکو بۆتە قوربانیی دادگا لاواز و سەیرەکەی ئێراق، ئەو دادگاییەی کە لە ئاستی جیهانیدا کەوتۆتەبەر ڕەخنە و توانج.**